

# ئەندازیارێک جیاواز قسە لەشیعرو هونەرو ئەندازە دەکات

**ئا: محەمەد کوردۆ**



**- من هەمیشە شار، یان پرۆژەی ئەندازەیی وەکو دەقێک تەماشا دەکەم، پێموایە چۆن دەبێت لەشاردا هەموو شتەکان پێکەوە کار بکەن، دەبێت لەدەقیشدا هەموو پایەکان پێکەوە لەکاردا بن.**




**- زمانی شیعر زمانێکی کورتبڕەو وا هەست دەکەیت زمانێکە بەپێوە وەستاوە!**

**- فیساغورس دەڵێت ( الكون عدد و نغم ) واتا گەردوون ژمارە و ئاوازە. ژمارە و ئاوازیش واتا ماتماتیک و مۆسیقا، واتا سیستمی ڕێکوپێکء پوخت، مرۆڤ لەژێر کاریگەری ئیقاعی دوو سیستمە، سیستمی گەردوون و سیستمی جەستەی خۆی، کە هەردوکیان ژمارە و ئاوازن.**

**- بچمە هەر شارێک یەکەم جار دەچمە کتێبخانەکانی. لەسلێمانی-ش دوا نیوەڕوانی رۆژانی هەینی نا چم بۆ بازاڕ چونکە زۆربەی کتێبخانەکانی داخراون، وا دەزانم بازاڕەکە چۆڵە.**

تەیب جەبار، یەکێکە لەو ناوە ئاشنایانەی نێوەندی رووناکبیریی ئێمە، کەویڕای هەموو سەرقاڵییەکانی بەکاری ئەندازیاری و ژیانی رۆژانەوە، موتابیعێکی بەردەوامی چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانەو دەربارەی زۆرێکیش لەو چالاکییانە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە.

جگە لەمە، یەکێکە لەمرۆڤە شەیداکانی کتێبو کتێبی لەهەموو شتێك زیاتر خۆشدەوێت و خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەو پڕ لەکتێبی دانسقەیە.

ئەم پیاوە لەسەرەتای حەفتاکانەوە دەستی بەنووسین کردووە، بەڵام جگە لەیەك دوو شیعر هیچ کام لەشیعرەکانی بڵاونەکردووەتەوە.

لەنەوەدەکانیشەوە ناو بەناو وتاری رەخنەیی لەبارەی شارو شیعرو هونەری نیگارکێشانەوە دەنووسێت و بڵاویاندەکاتەوە.

تائێستا چەندین کۆڕیشی لەبارەی ئەندازەو ئەدەب و هونەروە گرتووە.

**پێمخۆشە پێشوەخت بڕێک لەبارەی سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنەوەو نوسینی خۆت و یەکەم کتێب کە خوێندووتەوە، بدوێی؟**

من لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤)م، لەباوەشی خێزانێکی جوتیاری زۆر هەژارو کەم دەرامەت گەورە بووم، دایکو باوکم نەخوێندەوار بوونو زۆر هانی منو براکانمیان دەدا بۆ تەواوکردنی خوێندن، باوکم هەرچەند نەخوێندەوار بوو بەڵام هەمیشە لەماڵدا قورئانو چەند کتێبێکی ئاینیی هەبوو، کە ئێمەو خەڵکی تر بۆمان دەخوێندەوە. بیرمە ساڵی (١٩٦٣) کە سوپای عیراق پەلاماری ناوچەکەمانیدا ( ناوچەی قەرەحەسەن ) کتێبەکانمان پێچایەوەو لەگەڵ باوکمدا لەگەلەخانی ولاخەکاندا چاڵمان بۆ هەڵکەندنو شاردمانەوە، ئێستاش ناوی یەکێ لەو کتێبانەم لەبیرە کە کتێبێکی ئاینی بوو بەناوی (فتح المعین)، کتێبێکی گەورەو بەرگ ئەستور بوو. زیاتر خۆم، خۆم پێگەیاندووە، چی لەبواری خوێندنو چی لەبواری رۆشنبیریو تا زانکۆشم تەواو کرد هاوینان کرێکاریم دەکرد و برادەریم لەگەڵ ئەدیبو نوسەراندا نەبوو. تاکو پێنجی سەرەتاییم لەلادێ خوێندووە، ساڵی (١٩٦٣) کە قوتابخانەی گوندەکەمان ( گوندی تەپەلوو ) داخرا چووینە کەرکوکو لەماڵی کاکم درێژەم بەخوێندنداو لەساڵی (١٩٧٢) ئامادەییم تەواوکرد. ساڵی (١٩٧٦) کۆلێژی ئەندازەی زانکۆی سلێمانیم تەواو کرد. دوو برای گەورەم هەبوو (یادیان بەخێر) لەدایکی خۆم نەبوون، گەورەکەیان نەخوێندەوار بوو، ئەوی تریان لای مەلا خوێندبووی، خوێندەواری هەبوو، ناوەڕاستی شەستەکان کە رۆژنامەو گۆڤاری ئەو کاتانەی دەهێنایەوە (ناوی رۆژنامەکانم لەبیر نەماوە) بەڵام گۆڤارەکانم لەبیرە: (الصیاد، المصور، روز الیوسف، اخر ساعە، الشبکە، الموعد، الصین المصورە) هتد... وەکو منداڵێك دەمخوێندنەوە. ساڵی (١٩٦٧) رۆژنامەی (التأخی) دەرچوو، پاشکۆیەکی کوردی هەبوو بەناوی ( برایی) ئەوانەشم دەخوێندەوە.

من براکانم چایچی بوون، چایخانەیەکیان هەبوو بەرامبەر خەستەخانەی (جمهوری) لەشەقامی (الثورة) و خۆشم دوای دەوامی قوتابخانە ئیشم لەگەڵدا دەکردنو چایچیەکی باش بوومو ئێستاش پێنج پیاڵە بەیەك دەست هەڵدەگرمو حەز دەکەم چایخانەیەك دابنێمو قازانجی باشە، براکانم لەئیش وکاری خەستەخانەو چارەسەری نەخۆشدا زۆر یارمەتی خەڵکیان دەدا، چونکە هەموو دکتۆرو کارمەندەکانیان دەناسی. ئێمە چاو ساردیمان پێدەدان. براکانم شیوعی بوون باڵی سەوری (قیادەی مەرکەزی)، چایخانەکەیان هەموو کەس رووی تی دەکرد دەوڵەمەند، هەژار، فەرمانبەر، کاسب، کورد، عەرەب، تورکمان، ئاسوریو هەروەها وەکو مەقەڕێکی حزبی شیوعی وابوو، پۆستەی حزب لەبەغداوە بەنهێنی دەهاتە چایخانەکەی ئێمە و ئێمەش دەمانبردەوە بۆ ماڵ و لەوێوە دابەش دەکرا. ئەندامانی راکردووی حزب لەناوەراست و خوارووی عێراقەوە دەهاتنە چایخانەکە و ئێوارەش ئێمە دەمانبردنەوە بۆ ماڵ، ئیتر یەك دوو شەو دەمانەوە و دواتر مەفرەزەکانی حزب سەعات یەك و دووی شەو بەنهێنی دەهاتن و دەیانبردن بۆ دەرەوەی شار و لەوێوە بۆ ناو شۆرش، ئێمە ماڵمان لەگەڕەکی (شۆرجە) بوو، لەزۆربەی کۆبونەوە حزبیەکانی براکانم لەماڵی خۆمان، ئامادە دەبووم و کۆنوسی کۆبونەوەکانم بۆ دەنوسین و بەیان و بڵاوکراوەکانم بۆ دەخوێندنەوە. لەتەنیشت چایخانەکەمان گەراجێکی فیتەرو غەسل تەشحیمی لێ بوو، کوڕێکی کورد لەوی شاگرد بوو زۆر زیرەك و وریا بوو ناوی (سابیر محمود) بوو ( یادی بەخێر)، چەند ساڵێك لەمن بەتەمەنتر بوو، ئەندامی حزبی شیوعی بوو باڵی سلمی (لیژنەی مەرکەزی) و دوایی بوو بەپێشمەرگە و ساڵی (١٩٨٣) لەقەڵادزی شەهید بوو، خوێندەوارێکی باش بوو. ساڵی (١٩٦٨) کتێبی (العبرات. مستەفا لوتفی مەنفەلوتی ) پێدام و وتی بیخوینەوە، ئەوە یەکەمین کتێب بوو کە خوێندمەوە و زۆر کاری تێکردم و ئێستاش چێژ لەخوێندنەوەی دەبینم. پاشان (النظرات)و (ف سبیل التاج) هەر هی

مەنفەلوتی بوون و هەندی رۆمانی پۆلیسی (شارلۆك هۆلمز، ارسن لۆبین) بۆ هێنام و خویندمەوە، بەم شێوەیە دەستم بەخوێندنەوە و کتێبکڕین کردو بەردەوام بووم. ساڵی (١٩٦٨–١٩٦٩ ) لەسێی ناوەندی بووم لەناوەندی (ئیمام قاسم) هەموو جارێك لەوانەی ئینشا (٣٠ /٣٠)م وەردەگرت، مامۆستای زمانی عەرەبی هەموو جار کە وەرقەکەی ئەهێنایەوە دەیوت بۆ قوتابیەکانی بخوێنەوە، دەیوت تۆ دوا رۆژ دەبی بەئەدیبێکی گەورە. کۆتایی ساڵی (١٩٦٩) ژمارە (١)ی گۆڤاری (بەیان) دەرچوو، سەرەتای ساڵی (١٩٧٠) ش، ژمارەی (٢)ی (بەیان) و رۆژنامەی (هاوکاری) دەرچوون، هەر لەو ساڵەدا هەردوو دیوانی ( سروشت و دەرون) و (بەهەشت و یادگار) ی (گۆران )م کڕی و لەگەڵ دوو بەرگ لەپەندەکانی ( پیرەمێرد ) و دیوانی (وەلی دیوانە ) و چەند شاعیرێکی ترونەوانەشم کڕی و خویندمەوەو ئیتر من دەستم بەخویندنەوەی کوردی کرد، من خۆم بەقوتابی رۆژنامەی (هاوکاری) ساڵانی (١٩٧٠ –١٩٧٤) دەزانم، کە منی پێگەیاندو لەبواری ئەدەب و هونەردا چاوی کردمەوە. هەروەها گۆڤاری (بەیان) و (رۆشنبیری نوێ) دەوریان هەبوو بۆ من. پاشان گۆڤار و رۆژنامەی (برایەتی) و رۆژنامەی (التآخی) و گۆڤاری (شمس کردستان) و (نوسەری کورد). لەو کاتەوە تا ئێستا لەخوێندنەوە و موتابەعەی ئەدەب و هونەر بەردەوامم و بەردەوام رۆژنامە و گۆڤار و کتێب دەکڕم و دەخوێنمەوە.

**ئەمە وەکو خوێندنەوە، ئەی وەکو نوسین و بڵاوکردنەوە سەرەتاکانی تۆ چۆن بوون؟**

من بەعەرەبی دەستم بەنوسین کردو هەندی شیعرم بە زمانی فەسیح و هەندێکیشم بەزمانی جلفە نوسی، لەژێر کاریگەری گۆرانییەکانی (ئوم کەلسوم، نجاە الصغیرە، فائزە احمد، فرید ئەترەش، فهد بەلان، سمیرە توفیق، فیروز ، نەزهەت یونس)دا، ئەو شیعرانەم تا ئێستاش ماون بەڵام هیچیانم بڵاونەکردوەتەوە. جگە لو شیعرانە سیناریۆی (٣) فلیم بەعەرەبی نوسی، من خۆم وەکو شانۆ نوسیم، بەڵام ئێستا سەیری دەکەم لە سیناریۆی فلیمی سینەمایی دەچن، لەژێر کارتێکردنی ئەو کتێبانەی دەمخوێندنەوەو ئەو چەند فلیمە سینەمایانەی لەو ساڵانەدا بینیمن، ئەو سیناریۆیانەم نوسی کە ئەوانیش ماون‌و بڵاومنەکردوونەتەوە. وەکو نوسینی کوردی یەکەمین شیعرم لەبەهاری ساڵی (١٩٦٩) نوسی‌و فەوتا، ئەو شیعرەم بۆ کچێك نوسی، ئەو حەزی لەمن بوو بەڵام من حەز لەو نەبوو، تەنها یەکەم دێڕیم لەبیر ماوە کە دەڵی:

**من ئەرۆم ئەو هەر دێ لەشوێنم**

**هەرچەند هەوڵ ئەدا نایدوێنم**

پاشان کوڕێکی ئامۆزام پێشمەرگە بوو لە(١٩٧٠/١/١٣) شەهید بوو،کارێکی زۆری تێکردم یەك دەفتەری سی پەڕەیی شیعری سادەی بەوەزن‌و قافیەم بۆ ئەو نوسی‌و ئەو دەفتەرەشم فەوتا. دواتر لەرێگای رۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان)و خوێندنەوەی شیعری کوردی و عەرەبییەوە توانای شیعر ناسینم زیاتر بوو و بەهرەی شیعریم گەشەی کردو کەم کەم شیعری کلاسیکیشم دەخوێندەوە. من ساڵی (١٩٧١) دەستم بەنوسینی شیعری هونەریی کرد.

**مەبەستت لەشیعری هونەریی چییە؟ جیاوازی ئەو جۆرە شیعرە لەگەڵ شیعرەکانی پێشووتردا چی بوو؟**

مەبەستم شیعری ئازادە. لەو کاتەوە شارەزابوونم لەشێوەو ئیقاعی شیعرو کێش‌و سەرواو لەزمانی کوردیدا زۆر باشتر بوو، چونکە من هەرگیز بەکوردی نەمخوێندووە، تەنها لەشەشی ئامادەیی یەك وانەی کوردیمان هەبوو. لەو شیعرانەی ساڵانی (١٩٧٠– ١٩٧٤) نوسیومن تەنها دوو شیعرم ماوە، یەك دانەیان کە ساڵی (١٩٧٢) نوسیومە لەژمارە (٣٢) ی رۆژنامەی (برایەتی) رۆژی (١٩٧٣/١/٤) بەناوی ( کرێوەی هەورێکی تینوو) بڵاوبوەتەوە.

**ئەو کاتە زۆربەی شاعیران نازناویان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد، چۆن بوو تۆ نازناوت بۆ خۆت هەڵنەبژارد؟**

من حەزم لەنازناو نەبوو، ئەو نازناوانەشم لا مەقبول نەبوو کە باو بوون، وەك (پەشێو، داماو، بێکەس، بێخەو، هەڵمەت، هێرش..هتد).بەڵام دەبوایە نازناوم چاپچی بوایەو پیان بووتمایە (تەیب چاپچی). ئێستا لەکوردستانی رۆژهەڵات ژنێك شیعرو بابەتی منداڵان دەنوسێت، ناوی (سیمین چاپچی)یە، ئیتر نازانم ئەو نازناوەی ئەو لەچیەوە هاتووە.

**حەز دەکەم لەبارەی شیعرەکانتەوە زیاتر بۆمان بدوێیت.**

ئەو ساڵانە من نزیکەی پانزە شیعرێکم هەبوو لەگەڵ سێ چیرۆکو یەك وتاری زمانەوانی لەسەر بابەتی تیپ و پیت کە لەو سەردەمەدا زۆری لەسەر نوسرا، هەموو ئەمانە جگە لەو دوو شیعرەی باسمکردن، لەساڵی (١٩٧٤) کە پەیوەندیم بەشۆرشی ئەیلولەوە کرد، فەوتان. ئەو پانزە شیعرەم لەشێوەی دیوانێکدا کۆکردبوەوە بەناوی (لە رۆژ ژمێری بەندییەکی بێتاواندا) کە ناوی یەکێك لەشیعرەکان بوو، بەداخەوە هیچم لەو شیعرانە لەبیر نەماوە جگە لەناونیشانی شیعرێکی تر کە (داستانی شەو) بوو. ناونیشانی یەکێك لەچیرۆکەکانیش (ئەو دڵی منی دەدایەوە) بوو، باسی سەربەرزی و دڵگەورەیی پیرەژنێکی دراوسێمانی دەکرد کە کوڕێکی تاقانەی هەبوو وەستای گەچکاربوو، ژنی هێنابوو، تاقە کوڕێکی هەبوو، لەساڵی (١٩٦٨) بوو بەپێشمەرگەو پاش سێ مانگ شەهید بوو، پیرەژنەکە بەگوڵەبەرۆژە فرۆشتن بوکەکەیو کوڕەزاکەی بەخێو دەکرد.

**دوای ئەو شیعرەی باستکرد، شیعری دیکە چیت بڵاوکردەوە؟**

من خۆم بەشاعیر نازانم، کەم نووسمو شیعر کەم دەنوسم، چەند شیعرێکم هەیە بەکەڵکی بڵاوکردنەوە دێنو هەندی شیعری تەواونەکراویشم هەیە، شیعرنوسین بەلای منەوە کارێکی ئاسان نییە. دوای ئەو شیعرە تا ساڵی (٢٠٠٧) کە لەژمارە (٢٣)ی گۆڤاری (هەنار)دا، شیعرێکم بەناوی (سلێمانی) بڵاوکردەوە، کە لەساڵی (١٩٨٧) نوسیومە، هیچ شیعرێکی ترم بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام لەچەند کۆڕێکی شیعریدا بەشداریم کردووەو شیعرم خوێندۆتەوە..

**بۆچی ئەو هەموو ماوەیە شیعرت بڵاونەکردۆتەوە؟**

پێش راپەرین بۆیان بڵاونەدەکردینەوە، برادەریم لەگەڵ شاعیرانو نوسەرانو رۆژنامەنوساندا نەبوو، یەك دوو بابەتم نارد بڵاونەبونەوە، خۆشم زۆر حەزم لەبڵاوکردنەوەو ناودەرکردن نەبوو، زروفی سیاسیش لەبار نەبوو.

**ئەی دوای راپەرین بۆچی شیعرەکانت بڵاونەکردەوە؟**

دوای راپەرین تێگەیشتنم لەشیعر زیاتر و فراوانتر بوو، هەستمکرد ئەو شیعرانەی پێشتر نوسیومن لەئاستی خەونەکانی خۆمدا نین، هەندی هەوڵیشمدا بۆ نوسینی شیعری تر بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، لەبەرئەوە شیعرەکانم بڵاونەکردەوە، بەڵام ئێستا پێمخۆشە ئەو شیعرانەم لەنامیلکەیەکدا بڵاوبکەمەوە.

**حەزدەکەم بەکورتی شتێکمان لەسەر بارو دۆخی ئەدەبیی ئەو کاتەو بەتایبەت بانگەوازی روانگە و هەردوو دیوانی (خوا وشارە بچکولەکەمان-ی لەتیف هەڵمەت) و (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی- فەرهاد شاکەلی) بۆ باس بکەیت؟**

بێگومان ئەو دوو دیوانە کاریگەری زۆریان لەسەر من هەبوو، هەروەها دیوانی (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ)ی شێرکۆ بێکەسو دیوانی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)ی عبدالله پەشێوو شیعرەکانی (جەلالی میرزا کەریم، صلاح شوان، ئەنوەر جاف، رەفیق سابیر، سامی شۆرش، هیشام تاهیر بەرزنجی، کەنعان مەدحت، سەلام محەمەد)و چەند شاعیرێکی ترو چیرۆکەکانی (حسین عارف، ئەحمەد شاکەلی، کاکە مەم بۆتانی، لەتیف حامد، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، محەمەد مەولود، تاهیر سالح سەعید، رەئوف بێگەرد، محەمەد رەشید فەتاح، محەمەد فەریق حەسەن) و ئەوانی تر کەمو زۆر کاریگەرییان لەسەر من هەبوو. ئەو شاعیرە عەرەبانەش کە سەرەتای ساڵانی حەفتا دەمخوێندنەوە ئەمانە بوون: (سەیاب، بەیاتی، بلند الحیدەری، نازك الملائكە، فازل العزاوی، لمیعە عباس عمارە، محمود دەرویش، نزار قبانی، خلیل حاوی، سمیح القاسم، محمد الفیتوری، احمد حجازی )، هەروەها شاعیرێکی مەغربی هەیە ناوی ( عبداللطیف اللعبي )ەو بەزمانی فەرەنسی دەنوسێت، (١٠) دە ساڵ حوکم درا بوو (١٩٧٠-١٩٨٠) وابزانم پێش چەند ساڵێك کۆچی دوایی کرد، دیوانێکی بەناوی (شجرە الحدید المزهرە) بەتەواوی وەرگێرا بووە سەر زمانی عەرەبیو لەگۆڤاری (الشرارە)دا بڵاوکرایەوە، ئەو دیوانە کە وەکو نامەیەك لەبەندیخانەوە بۆ ژنو منداڵەکانی نوسیبوو، زۆر کاری تێکردم. ئەو گۆڤارە لەساڵی (١٩٧٣) لەبەیروت چاپ دەکرا سێ ژمارەی لێ دەرچوو پاشان وەستا، دواتر دیوانەکە بەشێوەی کتێبێك بڵاوکرایەوەو لەیەکێك لەپێشانگاکانی دوای

راپەرین لەکوردستان کڕیم و ئێستاش هـەردووکیانم هەیـە. لەشـاعیرە جیهانییـەکانی ئـەو سـەردەمە شـیعری (مایکۆفـسکی، ئەراگۆن، نازم حیکمـەت، ئیلـوار، نـیرودا، رامبـۆ، لۆرکـا، بـودلێر، ئیلیـۆت، ئیزراپاوەنـد، لانگـستون هیـون)م دەخوێنـدەوە. لەعەرەبەکان من زیاتر بەشیعرەکانی (سەیاب، بلّند حیدری، فازل عەزاوی ) و شیعرەکانی ئەوسای (نزار قەبانی ) و بەتایبەت شیعرە سیاسیەکانی و قەسیدەی (هوامش علی دفـتر النکسە) سەرسـام بـووم. لەشـاعیرە بیانییـەکان دیـوانی (الـزا و عیـون الزا)ی (ئەراگۆن) زۆر کاری تێکردم، هەروەها دیوانی (اغنیات المنفی)ی شاعیری تورك (نازم حیکمەت) زۆر کاری تێکردم کـە (د. ئەکمەلەدین ئیحسان) زۆر بەجوانی وەرگێرابووە سەر زمانی عەرەبی کـە خۆیـشی تورکـەو ئێـستا سـەرۆکی (رێکخـراوی کۆنگرەی ئیسلامی) یە. هەروەها کتێبی (مایکۆفسکی، شاعر الثورة الاشتراکیة — جـلال فـارق شـریف) و زۆری تـر. لـەبارەی دیوانەکەی (لەتیف هەڵمەت)وە، شتێکت بۆ باسدەکەم، ئەوەی مـن بـزانم مـانگی (٥)ی سـاڵی (١٩٧٠) بـوو دیوانەکـە کەوتـە بازاڕەوە، خزمێکم دانەیەکی بۆ هێنام، دوو و سێ ڕۆژ خوێندمـەوە، هیـچی لێتێنەگەیـشتم، دڕانم و فڕێمـدا، پـاش سـاڵێك کـە زیاتر لەشیعر تێگەیشتم، چووم دانەیەکی ترم کـڕی و ئەوەنـدەم خوێنـدەوەو چـێژم لێبـینی دەرئـەنجام زۆربـەی شـیعرەکانم لەبەرکرد، ئێستاش هەندێکیانم لەبەرە.

**لەشاعیرە عەرەبەکان باسی ئەدۆنیست نەکرد، بۆ؟**

نە ئەوساو نە ئێستاش چێژ لەشـیعری ئـەدۆنیس وەرنـاگرم، شـیعرەکانی زیـاتر فکـرین. ئـەو سـەردەمە دیـوانی (قـصائد اولی)م هەبوو، بیرمە لەساڵی (١٩٧٢)دا لەکتێبخانەی (ئاسیا) لەکەرکوك کـڕیم، ئـەو کتێبخانەیـە دەمـێ سـاڵە نـەماوە، بـەڵام چـێژم لـەو دیوانـە نـەبینی، ئێـستاش زۆربـەی دیوانـەکانی ئەدۆنیـسم هەیـە،لای مـن( مـاغوت )وەك شـیعر زۆر لەئـەدۆنیس گەورەترە.

**چیتری ئەو ڕۆژگارە لەیادەورییتدا ماوەتەوە؟**

ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەی لەبارەی بزوتنەوەی ڕوانگەوە بڵاودەکرانەوە کاریگـەریان لەسـەر تێگەیـشتنی مـن بـۆ شـیعر و هونەر زۆر بوو، (حسین عارف) کارێکی باشی کرد کە ئەو بابەتانەی کۆکردەوەو بەشێوەی کتێبێك بڵاوی کردەوە. شتێکی تر کە زۆر کاری تێکـردم ئـەو شـیعر و چـیرۆك و ڕەخنانـەی گۆڤـاری (الکلمـە)ی عراقـی بـوون، کـە لـەکۆتایی شەسـتەکانەوە تـا ناوەڕاستی حەفتاکان دەردەچوو، ئێستاش زۆربەی ژمارەکانیم هەیە، بەشێکی زۆر لەشاعیرانی ئەو کاتەی کورد قەرزاری ئەو گۆڤارەن. هەروەها ساڵی (١٩٧٢) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کرابوو بەساڵی جیهـانیی کتێـب (الـسنه الدولیـه للکتـاب) وەکـچۆن ئـەم سـاڵ (٢٠٠٨) کـراوە بەسـاڵی جیهـانی پەتاتـە (الـسنة الدولیـة للبطاطـا)، ئـەو کاتـە بـەو بۆنەیـەوە وەزارەتـی ڕۆشنبیری عێراق کۆمەڵێ کتێبی ئەدەبی چاپکرد لەژێر ناوی: (سلسله کتاب الجماهیر) نرخی دانەی (٥٠) فلـس بـوو، هـەرزان بوو، ئەو کتێبانەم کڕیی و زۆربەشیان ماونو زۆر سودم لێبینین و کاریان لەمن کرد.ئەو سـاڵانە نـەك هـەر خـەڵك و دەوڵـەتان بەڵکو نەتەوە یەکگرتووەکانیش بایەخی بەکتێب و خویندنەوەو نوسین دەدا. بەڵام ئێستا ئەوەتا خـەڵك و دەوڵـەتانو نەتـەوە یەکگرتووەکانیش لەبری کتێب بایەخ بەخواردن و پـەتاتە دەدەن. جا خۆت بەراوردی ئەو دوو حاڵەتەی ئەوساو ئێستا بکە.

**ئەی سەرەتای دەستپێکردنی کاری ڕەخنەییت چۆن بوو؟**

من حەفتاکان زیاتر دەقـم دەخوێنـدەوە لەگـەڵ کتـێبی سیاسـی، لەسـاڵی (١٩٧٣) چـوومە نـاو حەلقـە ڕۆشـنبیرییەکانی کۆمەڵەوەو لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٤) پێش ئەوەی پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەم، بووم بەئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینـینی کوردستانی، کۆمەڵە رێکخستێکی تۆکمەو توندو تۆڵ بوو، بەرنامەی ڕۆشنبیرکردنی ئەندامانی پتەو بوو، کتێبەکانی (مارکس، ئەنگلس، لینین، ستالین، ماوتسیتونگ، کیم ایل سونگ)م بەبەرنامە دەخوێندەوە. هەروەها ئەو کتێبانەی دەربارەی شۆڕشی گەلان، بەتایبەتی شۆڕشی فەڵەستین و ڤیتنام و کوبـاو وڵاتـانی ئـەمریکا لاتـین و ئـەفریقیاو کتێبـەکانی (هۆشـی منـە،جنرال جیاب، منیر شفیق، ناجی عەلوش )و گۆڤاری (الهدف)ی فەڵەستینی و (ماتریالیزمی دیالکتیکی و مێژوییی) و ئـەدەبیاتی تـری

مارکسییم دەخوێندەوە، لەبەر ئەوەی شارەزاییم لەزمانی عەرەبی باش بوو، هەمیشە کۆمەڵە داوایان لێدەکردم کە دەبێ کتێب وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، چەندین وتار و نامیلکەی (ماوتسیتونگ)م، وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لەسەر پەڕەی تەنك بەچەندین نوسخە دەمنوسیەوەو بەسەر ڕێکخستنەکاندا دابەشدەکران، هەروەها چەندین وتارم لەسەر بابەتی (خەباتی چەکداری، دیسپلینی حیزبی، ئەخلاقی شۆرشگێری.......هتد ) نوسی. ئەو کارانە کاتیان زۆر لەمن دەگرت و لەبواری ئەدەب و هونەر دووریان دەخستمەوە و لەگەڵ خواست و ئارەزوو و جیهانی مندا نەدەگونجان، تا لەکۆتایی حەفتاکان لەکۆمەڵە وازم هێناو گەڕامەوە ناو جیهانە تایبەتەکەی خۆم کە جیهانی ئەدەب و هونەرە. لەهەشتاکانەوە لەڕێگای زمانی عەرەبییەوە دەستم بەخوێندنەوەی رەخنەی ئەدەبی و زانستی ئیستاتیکا کرد، لەراستییدا من خۆم بەرەخنەگر و شاعیر نازانم، لەدوای ڕاپەرینەوە دەستم بەنوسینی رەخنە کرد، من بەهۆی سەرقاڵیمەوە کەم دەنوسم، یەکەمین وتاری رەخنەییم لەرۆژنامەی ( کوردستانی نوی ) بەناونیشانی (شیعر و یاری تۆپی پێ) بڵاوکرایەوە.

**لەو وتارەدا قسەت لەسەر چی کردووە؟**

لەو وتارەدا باسی ئەوە دەکەم کە یاری تۆپی پێ پەیوەندی بەلیاقەی جەستەوە هەیەو شیعریش پەیوەندی بەلیاقەی خەیاڵەوە هەیە. باسی ئەوە دەکەم کە لەیاری تۆپی پێدا سیستەمێك هەیە، کۆمەڵی محددات هەن، دوو گۆڵ، گۆڕەپانیك، دوو تیپ، داوەرو هەندی شتی تر هەن‌و شوێنی هەر یاریزانێك دیاری کراوە، خەڵکی نە شارەزا ئەوە بەفەوزا دەزانێت و پێی وایە هەر کەسێك تۆپی بۆ هات لەخۆیەوە تێیهەڵدەدا، بەڵام وا نییە. شیعریش بەهەمان شێوەیە، لای ئێمە هەندی خەڵك کە خۆیان بەشاعیر دەزانن لایان وایە شیعر ریزکردنی کۆمەڵی وشەی بێسەرو بەرەو هەر ئەوەندەیان لەسەرە بیخەنە سەر کاغەزو بڵاوییکەنەوە. بەڵام لەراستیدا چۆن لەیاری تۆپی پێدا محددات هەیە لەشیعریشدا بەهەمان شێوە کۆمەڵی محددات هەیە، کی لیاقەی خەیاڵی باش بێت ئەوە باش‌و سەرکەوتووە.

**ئایا دەکرێت ناوی بەشێک لەگرنگترین ئەو کتێبانەمان پێبڵێی، کە لەبارەی رەخنەی ئەدەبی و ئیستاتیکاوە خوێندووتنەوە؟**

ئەو کتێبانە زۆرن، بەدەیان کتێب دەبن، من ئێستاش بەردەوام دەخوێنمەوەو جارجار دەگەڕێمەوە سەر هەندێکیان، دەتوانم ناوی چەند کتێبێکت پی بڵێم کە زۆر تێگەیشتنی منیان فراوانتر کرد بۆ ئستاتیکا بەگشتی و هونەری شیعر بەتایبەتی، ئەوانیش: (مباحث في علم الجمال– جان بەرتلیمی)و ( نظریة الشعر عند الفلاسفة المسلمین– د.الفت الروبی ) کتێبی ( التجربه الخلاقه– س.م بورا ) و کتێبی (نظریة الادب– رینیە ویلیك و ئوستن وارین ) و کتێبی (عصر السریالیە– والاس ڤاولی) و کتێبی (مقدمه فی علم الجمال– د. امیرة حلمي مطر) و کتێبیی ( فلسفه الفن عند سوزان لانجەر) وکتێبەکەی (ئەرشیبالد مەکلیش) و کتێبەکانی (زکریا ابراهیم و عزالدین اسماعیل و صدقی اسماعیل و جابر عصفور و ئەسعەد محەمەد عەلی و سەلاح فەزڵ و جان کۆهین و فۆرمالیستەکانی روس) و هتد.

**هەن پیان وایە شیعر پێناسەی نییە، یان راستتر چەند کەس هەن ئەوەندەش پێناسە هەیە، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

شیعر پێناسەی زۆرە، بەڵام من بڕوام بەکام پێناسە هەیە، ئیش لەسەر ئەوە دەکەم. بەرای من شیعر وێنەیەو بەزمان دروستدەکرێت. چونکە ئامانجی هەموو هونەرێك دروستکردنی وێنەیە.

**چۆن؟ بۆ نمونە، دەتوانین بڵێین موسیقا وێنەیە؟**

بەڵی مۆسیقا وێنەیەکی دەنگییە و کەرەسەکەی دەنگە، شیعر کەرەسەکەی زمانە، وشە و رستەش مانایان هەیە،شیعری بێمانا نییە، لەبەر ئەوە تەجرید بۆ شیعر نابێت.

**ئەی ئێمە بۆ نمونە (ئەنوەر مەسیفی) مان هەیە، کە ئیش لەسەر مانا ناکات، لای ئەو شیعر ئیشکردنە لەسەر ئیقاع و یاریکردن بەوشە و رستە و دووبارە و چەند بارەکردنەوەی رستەیەک، تۆ بۆ ئەمە چی دەڵێیت؟**

ئەنوەر مەسیفی رەحمەتیی زۆر شارەزای هونەری شیعر بوو، بەڵام لەپراکتیکدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. بەرای من هەوڵدان بۆ نوسینی شیعری موجەرەد، هەوڵدانێکی سەرکەوتوو نییە، چونکە ئەداتی شیعر و ئەدەب بەگشتی، زمانە، کە ئەداتێکی مانا دارە، وەکو دەنگ و رەنگ و جوڵە نییە، کە ئەداتی بێمانان، ئەمانە وێنە دروستدەکەن بەڵام مەرج نییە وێنەکانیان مانا دار بێت. بۆ زیاتر رونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە بگەرێینەوە بۆ جۆرەکانی هونەر و پۆلینکردنیان.

ئێمە چەند جۆر هونەر مان هەیە ؟ کێ لەسەرەوەیە ؟ کێ لەخوارەوەیە ؟ کێ لەناوەراستەوەیە ؟ فەیلەسوف و زانایانی هونەر و رەخنەگران رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە، بۆ نمونە هەیە دەڵێت: هونەر بەپێی بابەت پۆلینبکرێت، وەك تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان. هەیە دەڵێت : بەپێی بیستراو ( مۆسیقا و گۆرانی )، خوێندراو ( ئەدەب )، بینراو ( شێوەکاری و میعماری و شانۆ ). هەیە دەڵێت : بەپێی وەرگرتنی هەستەکانی وەرگر، وەك هەستی گوێ ( مۆسیقا و شیعر )، هەستی چاو و لەمس ( شێوەکاری و عیمارە ). زانایان جۆرەها ریزبەندیان بۆ جۆرەکانی هونەر هەیە، بۆ نمونە ( عیمارە، پەیکەرسازی، ئەدەب، مۆسیقا، رەسم، سەما )، بەڵام سینەمای تیا نییە.دواتر کە سینەما داهێنراوە ناویان ناوە هونەری حەوتەم. بەڵام من وەکو خۆم لەگەڵ ئەو پۆلینکردن و ریزبەندیە نیم، من لەگەڵ پۆلینکردنی هونەرم لەسەر بنەمای (زەمانی و مەکانی).

**مەبەستت لەهونەری (زەمانی و مەکانی) چییە، ئەگەر کەمێک ئەمە روونبکەیتەوە؟**

هونەری (زەمانی) ئەو هونەرانەیە کە ماوەیەکی زەمەنییت دەوێت بۆ ئەوەی چێژی لێوەربگریت، وەك (مۆسیقا، سەما، ئەدەب، شانۆ، سینەما)، هونەری (مەکانی) ئەو هونەرانەیە کە تۆ ماوەی زەمەنییت ناوێ بۆ چێژ لێوەرگرتنی چونکە خۆی لەمەکاندایە بەیەك چاوتروکاندن دەیبینی و چێژی لێوەردەگرێت وەك (هونەری شێوەکاری و میعمار).

**باشە بەپێی ئەم پۆلینکردنە، ریزبەندی هونەرەکان چۆن دەبن؟**

من ریزبەندێکە وا دەکەم: (مۆسیقا، سەما، ئەدەب، شانۆ، سینەما، شێوەکاری، عیمارە ) ئەمانە هونەرە جوانەکانن، من پشت بەوتەیەکی فەیلەسوفی ئەڵمانی (شۆپنهاوەر) دەبەستم کە دەڵێت: (هەموو هونەرێك هەوڵ دەدات بگات بەئاستی مۆسیقا)، چونکە بەلای منەوە مۆسیقا باوکی هونەرەکانە، نەك شیعر وەك (هیگڵ) دەڵێت.

**بۆچی و چۆن مۆسیقا باوکی هونەرەکانە؟**

چونکە مۆسیقا موجەرەد و بێ مانایە، واتا مانای راستەو خۆی نییە، مۆسیقا هونەریشەو زانستیشە، مۆسیقا زمانیشە و ئەداتەکەی دەنگە، دەنگ دیاردەیەکی فیزیاوی سروشتە، یاسای خۆی هەیە وەك بەشێك لەوانەی فیزیادا دەخوێندرێت، نزیکترین هونەر لەمۆسیقا کام هونەرەیە؟ کە چێژبەخش و بێمانا بێت ؟ بەلای منەوە نزیکترینیان هونەری (سەما)یە، چونکە ئەداتەکەی جوڵەی جەستەیە، جوڵەی جەستە موجەرەد و ماناکەی ناراستەو خۆیە، دوای ئەوە ئەدەب، شانۆ، سینەما، شێوەکاری، میعماری. من بروام نییە هیچ هونەرێك بتوانێت بگاتە ئاستی مۆسیقا، چونکە ئەداتەکان جیاوازن.




لای راستەوە: حەسەن حەمزە، کامەران شەوقی، فوئاد عەبدولڕەحمان، ئاسۆس جەمال، تەیب جەبار سلێمانی ٢٠٠٤

**هەستدەکەم لێرەدا دوو شتی لێکدژ هەن، یەکەم تۆ وتت: هونەرەکان هەوڵدەدەن بگەن بەمۆسیقا و وتیشت پێی ناگەن، دووەم وتت**

**دەبێت شیعر مانای هەبێت و بەشێک لەگرنگی مۆسیقاشت بۆ بێمانایی گەڕاندەوە، ئەمە چۆن ڕووندەکەیتەوە؟**

من نەمووت دەبێ بگەن بەمۆسیقا، لەبەر ئەوەی ئەداتی شیعر ئەداتێکی ماناداره،بەڵکو وتم، وەك شۆپنهاوەر دەڵێت هەوڵدەدەن پێی بگەن. بۆ رونکردنەوەی زیاتر بابەتێکت بۆ باسدەکەم: من پیشەکەم پیشەیەکی زانستییە کە ئەندازیارم، رستەیەك بۆ ئەو رستەیەی شۆپنهاوەر زیاد دەکەم، کە ئەمە رای خۆمە (هەموو زانستێك هەوڵدەدات بگات بەماتماتیك)، چونکە ماتماتیك باوکی زانستەکانە، هیچ زانستێك بەبێ ماتماتیك ناتوانێت ئیش بکات، ئەگەر زانستی تیۆری ( وەك فیزیا، کیمیا، بایۆلۆجی..هتد)یش بێت، یاخود زانستی پراکتیکی وەك: (ئەندازە،پزیشکی، پیشەسازی، کشتوکاڵ..هتد). ماتماتیك زانستێکی موجەرەدی بێمانایە، لەژمارە و هێما پێکدێت، هیچ مانایەکی راستەو خۆی نییە، بەڵام ئەو ژمارەو هێمایانە چوونەتە ناو هەموو زانستەکانی ترەوە و ئیشیان پێدەکرێت. من دوو نمونەت بۆ دەهێنمەوە، یەکەم: ئەگەر پارچەیەك زەوی (٣٠٠) مەتری بهێنیو بیدەی بەیەك ملیۆن ئەندازیار و بڵێی نەخشەی خانویەکم بۆ بکێشن، یەك ملیۆن نەخشەی جیاوازت بۆ دەهێنن، بەڵام هیچی ناگاتە کەماڵ یاخود نەخشەیەکی ماتماتیکی.

دووەم: ئەگەر پارچەیەك زەوی بەپانی (١)کم لەنێوان دوو شاردا دیاری بکرێت و بەملیونەها ئەندازیار بڵێیت، لەو زەوییە سەنتەرلاینی رێگایەکم بۆ دیاری بکەن، ملیۆنەها ئەگەر هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو سەنتەرلاینە، بەڵام هیچیان ناگەن بەکەماڵو ماتماتیك. هەرچەندە نەخشەی خانووەکەو نەخشەی سەنتەرلاینی رێگاکە ئەداتی ماتماتیك (ژمارە و هێما) بەکار دەهێنن، بەڵام ناگەن بەماتماتیكو ملیۆنەها ئەگەریشیان هەیە. بەو جۆرەش هونەرەکان بەشێك یاخود یەکێك لەبنەماکانی مۆسیقا بۆ خۆیان دەخوازن، بەڵام ناگەن بەمۆسیقا، چونکە ئەو بنەما مۆسیقییە تێکەڵ بەبنەمای تری هونەرەکە دەبێت. وەك چۆن

(ژماره و هێما) تێکەڵ بەئەداتەکانی زانستەکەی تر دەبن.چونکە مۆسیقا و ماتماتیك موجەڕەد و بێمانان، واتا مانای راستەوخۆیان نییە، بەڵام هونەر و زانستەکانی تر مانادارن و چێژ و سوودی راستەو خۆ دەبەخشن و ئەداتەکانیان جیاوازە.

**وتەیەکی بەناوبانگی (مالارمێ) هەیە، کە دەڵێت: شیعر بەهزر دروست نابێت، بەڵکو بەوشە دروست دەبێت، تۆ لەم بارەوە رات چییە؟**

ئەو وتەیە (هەرچەند من بەوتەی پۆل ڤالیری دەزانم نەك مالارمێ)، راستە بەڵام ناتەواوە. راستە شیعر فکرە نییە، بەڵکو وەك وتم وێنەیەو بەوشەش دروست نابێت، بەڵکو بەرستەی مانادار دروستدەبێت. دەتوانین ئەو وتەیە بەمجۆرە لێبکەین (شیعر بەفکر دروست نابێت، بەڵکو بەرستە درووست دەبێت)، چونکە بەوشەی تەنها تەنها شیعر دروست نابێت. بۆ نمونە ئەگەر بڵێین: (مانگ بەرد سەوز پەپولە رەشەبا) ئەم چەند وشەیە بەیەکەوە هیچ مانایەك نادەن و نابن بەرستەی مانادار، بەڵام وەك وشە هەر یەکەو مانای خۆی هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین ئەمە شیعرە، بەڵکو هەر وشە و رەمزە بۆ شتێك لەسروشتدا و نەبوەتە وێنەیەکی شیعری مانادار.

**باشە با بگەڕێینەوە لای هەوڵدانی هونەرەکان بۆ ئەوەی بگەن بەمۆسیقا، شیعر چۆن ئەم هەوڵە دەدات؟**


هەموو هونەرێك لەرێگای فۆرمەوە هەوڵدەدات بگات بەمۆسیقا، نەك لەرێگای ناوەڕۆکەوە. لەشیعردا چۆن وتن گرنگە نەك چی وتن، جا شیعر بۆ(چۆن وتن) کام بنەمای مۆسیقا دەخوازێت و کاری لەسەر دەکات؟ بێگومان بنەمای ئیقاع، چونکە مۆسیقاش چەند بنەمایەکی هەیە. ئیقاعی مۆسیقی چییە؟ ئیقاعی مۆسیقی هونەری جوڵەی رێکوپێك وپوختی دەنگە لەماوەیەکی زەمەنیدا. فۆرمی شیعر لەسەر دوو ئیقاع کار دەکات، ئیقاعێکی زەمانی (ئیقاعی دەرەوە ) و ئیقاعێکی مەکانی ( ئیقاعی ناوەوە )، کە دروستکردنی وێنەیە. ئیقاعی دەرەوە ئیقاعی کێش و سەروایە، کێش: دابەشکردنی رێکوپێکی دەنگی هەموو پیتەکانە لەماوەیەکی زەمەنییدا. سەروا، دابەشکردنی رێکوپێکی دەنگی پیتە لێکچوەکانە. ئیقاعی ناوەوەش، دروستکردنی وێنەو هارمۆنیای وشەیە.

**ئیقاعی دەرەوە ئاشکرایە، بەڵام تۆ چۆن لەئیقاعی ناوەوە تێدەگەیت؟**

بەراستی ئیقاعی ناوەوە لەشیعردا کێشمە کێشمی زۆر لەسەرە، ئەوەندەی من رای رەخنەگران و نوسەران و پسپورانی ئەدەبم خوێندبێتەوە، ئیقاعی ناوەوە دەگەڕێننەوە بۆ (تکرار، تعاقب، تدویر، زەنگی وشە، زەنگی پیت..هتد). بەڵام رای من وایە ئەگەر ئەمانە ئیقاع بن ئەوە ئیقاعی دەرەوەن، چونکە لەگەڵ هەستی دەرکی دەدوێن، کە چاوو گوێی حەقیقی مرۆڤن، کەچی ئیقاعی ناوەوە لەگەڵ هەستە ناوەکێکانی مرۆڤدا دەدوێت، ئەمەش بەدروستکردنی وێنەیەك کە لەواقیعدا نییە، بەڵکو لەزهنی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت و هەستە ناوەکێکان دەجولێنێت و چێژی لێوەردەگرێت، خۆی داهێنان لەهونەردا، دروستکردنی جیهانی میتافزیکە، کە هەستەکانی ناوەوە چێژی لێوەردەگرنو ئاسودەیی روحیی بەمرۆڤ دەبەخشن.


**لای تۆ بنەما سەرەکیەکانی شیعر، یان سەرەکیترین بنەماکانی شیعر چین؟**

وەڵام: وەك وتم شیعر بەفۆرم دروست دەبێت، من باسی شیعری پەتیی دەکەم نەك شیعری لقوپۆپدار کە تەوزیفی هونەرەکانی تری تیا دەکرێت، فۆرمیش بەدوو ئیقاع پێکدێت، با بەم هێڵکارییە بۆت رونبکەمەوە:




**ئەی دروستکردنی وێنە لەشیعردا چۆن دەبێت؟**

دروستکردنی وێنە لەشیعردا لەسەر سێ پایە دەبێت نەك چوار، وەك زۆربەی جوانیناسان و رەخنەگران دەیڵێن.بەم دوو هێڵکاریە بۆت روون دەکەمەوە:




کەواتە پایەکانی وێنەی شیعری سیانن (زمان، مانا، خەیاڵ)، ئەگەر هەر سێ پایەکە بەکار بهێنیت ئەوە پۆپەی شیعر دەردەچێت، ئەگەر هەر زمانو مانا بەکار بهێنێت،ئەوە وێنەکان فۆتۆگرافی دەردەچن وەك زۆربەی شیعرەکانی (گۆران) کە خەیاڵ لای گۆران زۆر کزە. ئەگەر زمانو خەیاڵیش بەکاربهێنی بەبێمانا و بەرجەستە نەبوونی وێنە لەزهندا شتێکی وشك ورەق و تەق دەردەچێت.

**لەبارەی پەخشانە شیعرەوە چی دەڵێیت، ئاخۆ جیاوازی لەگەڵ شیعردا چییە؟**

پەخشانە شیعر، شیعرە، بەڵام بەبێ ئیقاعی دەرەوە، تەنها وێنە شیعرێکە دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئیقاعی دەرەوە نامێنێت، کە تەقتیعی زەمنی دەنگی برگەکانە، کەواتە لەمۆسیقا دوور دەکەوێتەوە و زیاتر بەرەو شێوەکاری دەچێت کە ئێقاعێکی مەکانی جوڵەداری هەیە و لەزهندا رەنگ دەداتەوە، شاعیری شارەزا دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو سێ پایەیەدا بکات، بۆ ئەوەی وێنە و شیعر دروست بکات.

**تۆ وەکو خۆت وێنە بەئامانج دەزانیت یان بەوەسیلە؟**

وێنە ئامانجە، هەم لەشیعر و هەم لەهونەرەکانی تردا، پایەکان وەسیلەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.پایەکان خاسیەتی تایبەتی خۆیان هەیە، شاعیری بەتوانا ئیلتیزامیان پێوە دەکات، بۆ نمونە لای من زمانی شیعری کۆمەڵێ خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، وەك :

١. زمانی شیعر، زمانی قسەکردن نییە، زمانێکی جیاوازە و یەك جار دەگوترێت و یەك کەس دەیلێت. دارِشتنی رستەی شیعری جیاوازە لەدارِشتنی رستەی قسەکردن لەبەر ئەوە، ئەو دارشتنە تایبەتە بەو شاعیرە و بەس، بۆ نمونە، گۆران دەڵێ :

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە

ئەم شیعرە ئاسان و مەفهومە، بەڵام خەڵك بەم شێوە دارشتنە قسە ناکەن، بەڵکو رەنگە بڵێن :

( ئەستێرەیەکی زۆر بەئاسمانەوەیە، بەهارانیش گوڵێکی زۆر دەچنین )

شارەزایی (گۆران) لەوەدایە، کە سەرباری کێش و سەروا، دارشتنێکی تایبەت بەخۆی بۆ ئەو دوو رستەیە کردووە.

٢. زمانی شیعر دەبێت زمانێکی کورت بڕ بێت، وەك پەندی پێشینان کە زمانێکی کورت و مانادارە، کەمترین پێشگرو پاشگریان تێدا بەکار دەهێنرێت. بۆ نمونە (گۆران ) دەڵێ : ( قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگاکاڵ )، ئەگەر سەیری ئەو نیوە دێرە بکەین، وشەکان موجەرِەدن، بەس تەنها سێ پاشگری (ی)یان خراوەتەسەر، بەڵام رستەیەکی مانا داری تەواوە. ئەگەر سەیری نوسینی زۆربەی شیعر نوسانی ئەمرِۆ بکەین، دەبینین ئەو رستەیە بەم جۆرە دەڵێن ( هۆ کچە قژ کاڵەکە، ئەی لێو ئاگرینە ئاڵەکە، پرشنگی نیگاکەت چەندێ کاڵە )، ئەمە قسە کردن و هات و هاوارە نەك شیعر.

٣. بژارکردنی زمانی شیعر لەگژ و گیای زمان، وەك خۆ دورخستنەوە لەبەکارهێنانی ( بەڵام، کە،وە، یش، ئەی، هۆ، بریا،..هتد ).

٤. کیمیای وشە، کیمیای وشە ئەوەیە لەلێکدانی دوو وشە یان زیاتر، کە دوورن لەیەکەوە شتێکی نوێ بێتە بەرهەم. بۆ نمونە (لەتیف هەڵمەت) دەڵێ : (وشەکانم، گەڵای داری گریانم)، لەراستیدا داری گریان بوونی نییە، ئەوە کیمیای وشەیە کە ئەمە دروست دەکات.

٥. زمانی شیعر هەوڵ دەدات کەمترین (فعل) بەکار بهێنێت، بەڵام زمانی پەخشان وا نییە و فەرمانی زۆر تێدا بەکار دەهێنرێت. بۆ نمونە (گۆران ) دەڵێت :

١– سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی بەدارستان رەش ناو دۆڵی کپی

٢– قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەر گونا نەختێك ئاڵ

نالی دەڵێت :

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم، ئەی بادی خۆش مرور**

**ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزور**

شێرکۆ بێکەس دەڵێت :

**لەگەرووتانا رەشەبای سلێمانین**

**لەسەر سنگتان تاشە بەردی ئاگری داخین**

**لەچاوتانا شالاوی باوەگورِ گورِین**

**لەهەناوتانا سەهۆلبەندانی سابلاخین**

رەفیق سابیر دەلێت :

**خەون شێوازە، منیش روخسارم**

**خەون هەلفرِین، من جووتی بالم**

**خەون جەوهەرە، من شێوە و وێنە**

**خەون روناکی نوری ئەزەلە، منیش ئاوێنە**

ئەو شیعرانەی سەرەوە یان فەرمانیان تێدا نییە یان کەمترین فەرمانیان تێدایە، نمونەی تریش زۆرن.

٧. یەکێکی تر لەخاسیەتەکانی زمانی شیعری، خزانی زمانە ( انزیاح اللغة ) کە لەشیعردا زمان وەکو خۆی بەکار ناهێنرێت، بەلکو جێگۆرِکێ بەوشە و هەندێك جار بەرستەکانیش دەکرێت. بۆ نمونە :

محەمەد عومەر عوسمان دەلێت :

**ئەوی بەرووتی لەشەختە و زوقما**

**لەگۆ نەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی**

**لەسەرما ناگاو.. گۆرانی نالێ**

**بۆ بلێسە و گرِ.. بۆ لار و لەنجەی**

ئەگەر بەزمانی ئاسایی و بەبێ خزان ئەو شیعرە بنوسین، دەبێ وا بینوسین :

**ئەوی بەرووتی لەشەختە و زوقما**

**پەنجەی نەوەرێ.. لەگۆ نەکەوێ**

**لەسەرما ناگاو.. بۆ لار و لەنجەی**

**بلیسە وگرِ.. گۆرانی نالێ**

ئەوە شارەزایی شاعیرانەی (محەمەد عومەر عوسمان) ە، کە بەخزانی وشە و رستە ئەو وێنە شیعرییە جوانەی دروست کردووە و شیعریەتی کردووە بەبەر رستەکاندا و و ئیقاعێکی چێژ بەخشی پێ بەخشیون لەرێگای خزان و کێش و سەرواوە.

هەندێجار خزان لەخزانی زمان تێدەپەرِێت و دەبێت بەخزانی وێنە ( انزیاح الصورە )، وشە و رستەکە بەتەواوی فرِێ دەدرێت و وشە ورستەی تازەی لەجێگادا دادەنرێت، کە وەکو وێنە باو نییە و لەسروشتدا بوونی نییە. بۆ نمونە (شێرکۆ بێکەس ) دەلێ : ( من تینوێتیم بەگرِ ئەشکێ ) کە وشە و وێنەی ئاو لابراوە و وشە و وێنەی گرِ خراوەتە جێگای. تەنانەت شێواز ( اسلوب )، شێوەیەکە لەشێوەکانی خزان، دەلێن فلان کەس شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، واتا شێوازی نوسینی جیاوازە لەمیعیاری شێوازی نوسینی باو و خەلکی تر، تەنانەت نوسەرێك دەلێت ( شێوازی تایبەت واتا کەسەکە خۆی ).

هەروەها شاعیر پێویستە جگە لەئیلتیزامکردن بەخاسیەتەکانی زمانی شیعرییەوە، زمان بەپوختی بەکار بهێنێت وەك خۆ پاراستن لەبەکارهێنانی هەڵەی باو لەزماندا لەلایەن خەڵکەوە، بۆ نمونە لەجیاتی (گوڵە بەهارە ) دەڵێن ( گوڵی بەهاری ) یاخود لەجیاتی ئەوەی بڵێن (هاوڕێکەم فارسە دەڵێن ( هاوڕێکەم فارسییە ). هەروەها ئیلتیزامکردن بەخاسیەتەکانی زمانی کوردی وبەتایبەت خۆ بەدوور گرتن لەبەکارهێنانی (کۆ ). شتێکی تر هەیە، هەندێ کەس وا دەزانن بەبەکارهێنانی وشەی تازە زمانی شیعری بەهێز دەبێت بەڵام ئەمە پەیوەندی بەزمانی شیعرییەوە نییە بەڵکو ئەمە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانە چونکە زمانی شیعری پەیوەندی بەخاسیەتەکانی زمانی شیعرییەوە هەیە و چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکان گرنگە نەك ئەوەی وشەی تازە بەکاربهێنرێت یان نا.

**باشە تۆ وتت ئەگەر شیعر ( فرمان ) ی تیا نەبێ باشترە، دەتوانیت لەم بارەیەوە روونکردنەوەی زیاترمان بدەیتێ ؟**

وەك وتم پێویستە شیعر کورتبڕ بێ و گڕ و گیای زمانی کەم بێ، چونکە (رستەی ناویی) هەمیشە کورتبڕە و گڕ وگیای زمانی کەمترە، وا هەست دەکەی زمانێکە بەپێوە وەستاوە و توند و تۆڵە، بەڵام ( رستەی فرمانیی ) هەمیشە درێژ بڕە و گڕ و گیای زمانی زۆر لەگەڵدایە و پەرش و بڵاوە، وا هەست دەکەی زمانێکە پاڵکەوتووە وشل و شاو و دەڵەمەیە، خۆت دەتوانی ئەو بەراوردە لەشیعرەکاندا بکەی، یاخود لەنێوان زمانی شیعری پەتی و پەخشاندا بیکەی.

**ئەی ئەوەی پێی دەڵێن تێکشکاندنی زمان، لای تۆ چی دەگەیەنێت و دەبێت چۆن بێت ؟**

من باوەڕم بەتێکشکاندنی زمان نییە، ئەوە زاراوەیەکی هەڵەیە و لەعەرەبەوە وەرگیراوە (تحطیم اللغة، تفجیر اللغة) هەڵەیە. بەڵکو زمان دەزێ، لەدایك دەبێت (تولید اللغه) ئەویش لەرێگای خزانەوە روودەدات. هەر زمانە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ملشکاندن و ملتەقاندنم بیستووە، بەڵام زمان شکاندن و زمان تەقاندنم نەبیستووە و نییە. سەیرم لێدێ هەندێك کەس بەبێ ئەوەی لەمەسەلەکە تێبگەن ئەو زاراوە سەقەتانەی عەرەب دەڵێنەوە.

**ئەی لەبارەی پایەکانی تری شیعرەوە چی دەڵێیت؟**

پایەی دووەم مانایە، ئایا مانا چییە؟ وشە و رستە هێمان بۆ مانای کۆمەڵێك شت. دوو جۆر مانامان هەیە، یەکەم: وشە و رستە، کە مانای راستە وخۆ بدەن، واتا شتەکان لەسروشتدا چۆنن، هەروا بێت و دەلالەت لەشتی تر نەکات. بۆ نمونە (گۆران ) دەڵێ :

**کۆمەڵە شاخێ سەخت و گەردن گەش**

**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**

ئەو وشە و رستانە مانای واقعی خۆیان دەبەخشن و پێویست بەتەئویلکردن ناکەن، واتا داخراونو یەك مانا دەبەخشن.دووەم: مانای ناراستە وخۆ، مانایەکی کراوەیە و قابیلی تەئویلە و دەلالەت لەشتی تر دەکات و لەزهنی وەرگردا بەرجەستە دەبێت، وشە و رستەکە مانای واقعی شتەکان نابەخشن، بۆ نمونە (لەتیف هەڵمەت ) دەڵێ :

**لە پەنجەرەی**

**فەرهەنگێکی دڕاوەوە**

**دەڕوانمە نامە سوتاوەکانم**

**ئاو دەکەمە شوشەیەکی شکاوەوە**

**بۆ بەهاری چاوەکانم**

ئەو شیعرە مەفهومە، بەڵام ماناکەی ناراستەوخۆیە، مانایەکی کراوەیە و بەچەندین جۆر دەتوانیت تەئویلی بکەی. هەشە وشە ورستەکان رەق و تەق وبێ مانان و لەزهنی وەرگردا بەرجەستە نابن، بۆ نمونە ( هاشم سەراج ) دەڵێ :

**ئەتڵەساوییە سوسناوییە سوندساوییە ئەستەبرەقاوییە**

**نەرداوییە شەترەنجاوییە دۆزەخاوییە سۆلیناوییەکانی**

**وڕینەکانی گەمان/ هەڵدانی داشەکان، بازەکان**

**نەردەکان، ڕازەکان، سازەکان، نازەکان )**

یاخود دەڵێ :

**ئەی فریوبازترین جوانی**

**فانتازیترین شیعری خوداوەنداویمان پێبەخشە**

**ئەی زرافیترین باڵا بڵندی ڕەهاکانی ئاسمان**

**بەو بەرزیترین باڵا یەزداناویە چلۆن بیردەکەیتەوە؟**

ئەو دوو پارچەیە، نمونەن بۆگەلێك لەو چەشنە شیعرنوسینەی ئەمڕۆ. بەلای منەوە ئەمە وشە ریزکردنە، نەك وێنە دروستکردن، چونکە لەهەردوو پارچەکەدا هیچ وێنەیەك لەزهنی وەرگردا بەرجەستە نابێت وهیچ مانایەك نابەخشێت و لەهات و هاوار دەچێت نەك شیعر، ریزکردنی وشەی بەبریق وباق شیعر نییە، من سەیرم لەم (ترین ترین)ە دێت، ئەوە سێ و چوار کەسن (ترین) زۆر بەکار دەهێنن، کۆمەڵێ وشە دەدۆزنەوە و هەر وشە پاشگرێکی (ترین ) ی پێوە دەلکێنن و دەڵێن ئەمە شیعری زەنگدارە ، من ناویانم ناوە (گوڵدەستەی شوعەرای ترینترین). وتمان پایەی سێیەم خەیاڵە، ( بۆرخیس ) دەڵێ : (مەزنترین شت کە خوا بەخشیوێتی بەمرۆڤ، خەیاڵە). مرۆڤ لەرێگای هەستەکانیەوە درکی شتەکانی سروشت دەکات کە بۆندێکی ئاسایی هەموو شتەکان لەسروشتدا پێکەوە دەبەستێت، ئەو شتانە کە نەقل دەبن بۆ مێشکی مرۆڤ و مێشکی مرۆڤ لەرێگای عەقلەوەو بۆ بەجێهێنانی کاروباری رۆژانەی ئاسایی خۆی مامەڵەیەکی ئاساییان لەگەڵ دەکات، بەڵام مرۆڤی داهێنەر، مرۆڤی شاعیر لەرێگای خەیاڵەوە ئەو بۆندە ئاساییە تێك دەشکێنێ و بۆندێکی تازە لەنێوان شتەکاندا دروست دەکات کە جیاوازە لەوەی لەسروشتدا هەیە و بەدیهێنانی لەواقیعدا مەحاڵە، بۆ نمونە ( عبدالله پەشێو ) دەڵێت:

**نیازم وابوو،**

**بۆت دەسگیرکەم،**

**ئەستێرەی ئاسمانی زەبەند.**

**پەلکە زێرینەت بۆ بگرم،**

**بۆتی بکەم بەکەمەربەند.**

دەستگیرکردنی ئەستێرە و کردنی پەلکە زێرینە بەکەمەربەند لەراستیدا مەحاڵە، بەڵام خەیاڵی شاعیر دەتوانێ ئەم کارە بکات و ئەم وێنە جوانە دروست بکات و لەزهنی وەرگردا بەرجەستەی بکات.


**لای تۆ دەقی کراوە کام دەقەیەو دەقی داخراو کامەیە؟**

وەك لەسەرەوە باسم کرد دەقی داخراو ئەو دەقەیە کە دەقێکی مەفهومە و یەك مانای هەیە و دەلالەت لەهیچی تر ناکات جگە لەمانا راستەوخۆکەی خۆی. دەقی کراوەش ئەو دەقەیە کە قابیلی تەئویلە و دەلالەت لەشتی تر دەکات، بۆ نمونە ئەو کۆپلە شیعرەی ( لەتیف هەڵمەت) کۆپلەیەکی بەرجەستەیەو هەر کەسە و دەتوانێ بۆ مەرامی خۆی تەئویلی بکات. بەڵام لەناو ئەدیبان و نوسەرانی ئێمەدا بۆ تەفسیری دەقی داخراو و دەقی کراوە دوو بۆچونی تر هەیە، کە من لەگەڵ هیچیان نیم، یەکەمیان دەڵێ : مادام ئەو شیعرەی (گۆران) ماناکەی مەفهومە و راستەوخۆیەو هەموو کەس تێیدەگات، خوێندەوار و نەخوێندەوار، نوسەرو نا نووسەر، کەواتا ئەم دەقە کراوەیە بۆ هەموو کەس و ئەو کۆپلە شیعرەی ( لەتیف هەڵمەت )یش، کە ماناکەی ناراستەوخۆیە و تەنها لای نوخبە قابیلی تەئویل و تێگەیشتنە، دەقێکی داخراوە. دووەمیان دەڵێ: دەقی داخراو یەك شێوازی نوسینە، بەڵام دەقی کراوە یاخود دەڵێن دەقی واڵا ئەو دەقەیە کە شیعر و چیرۆك و پەخشانو دیالۆگ و

مەنەلۆگ و بنەمای هونەرەکانی تری تێدا تێهەڵکێش کراوە. من بەپێی خوێندنەوە و تێگەیشتنی خۆم ئەو بۆچوونەی سەرەوەی خۆمم پێ ڕاستە.

**زۆر جار دەوترێت شیعر درۆیەو دوورە لەواقیعەوە، تۆ ئەم درۆبوونەی شیعر چۆن دەبینیت؟**

شیعر درۆ نییە، بەڵکو شیعر دروستکردنی وێنەیەکە کە لەواقیعدا نییە، وەك وتم شیعر میتافزیکە. ئەوە عەرەب دەڵێ ( الشعر اعذبه اکذبه ) واتا خۆشترین شیعر درۆیترینیانە، خوای گەورەش لەقورئاندا دەفەرموێ ( و الشعراء يتبعهم الغاوون.الم تر في كل واد يهيمون. يقولون مالا يفعلون) واتا شاعیران خەڵکی سادە وخەڵەتاو دوایان دەکەون. سەر بەهەموو دۆڵێکدا دەکەن. ئەوەی دەیڵێن کاری پێناکەن) ئەمانە مانای ئەوە ناگەیەنن کە شیعر درۆ بێت، بەڵکو شیعر شتێکە لەسروشتدا نییە، بۆ نمونە ئەو شیعرەی سەرەوەی ( عبداللە پەشێو ) وەك وتم دەستگیرکردنی ئەستێرە و کردنی پەلکە زێرینە بەکەمەربەند، لەواقیعدا مەحاڵە، بەڵام درۆ نییە و وێنەیەکە خەیاڵی شاعیر دروستی دەکات. تەنانەت ئەفلاتونیش شاعیرانی لەکۆمارەکەی دەرکرد، ئەویش وتی چونکە ئەمانە ئەوەی دەیڵێن کاری پێناکەن، چونکە وەهم و خەیاڵە. من پێم سەیرە (کامبیزی کەریمی)، لەگفتوگۆیەکدا دەڵێت ( من دوو سێ ساڵ لەگەڵ باوکمدا درۆم ئەکرد تا فیری شیعر نوسین بووم و بووم بەشاعیر ). تۆ بڵێی هەموو شاعیران درۆزن بن ! ؟ ئەوەی دەڵێ شیعر درۆیە، نازانی مەسەلەکە چیە و لەشیعر تێنەگەیشتووە و کارەساتەکەش لەوەدایە خەریکی شیعر نوسینە و خۆی بەشاعیر دەزانێ.


نەورۆزی ساڵی ١٩٩٣، دوکان،
لای ڕاستەوە: کریستین، منداڵەکە (تەرو تەیب)، سەروەت سەوز، تەیب جەبار

**ئایا بەڕای تۆ شیعر سیستمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، یان نا؟**

شیعر نوسین بەلای منەوە ئیلهام و بەهرە و ئیرادەیە، کۆمەڵی محدداتی هەیە نەك سیستم، وەك لەنمونەی یاری تۆپی پێدا باسمکرد، کۆمەڵێ بنەمای گشتیی هەیە، کە نابێت لێیدەربچین، بەڵام هەر شاعیرە و هەر یاریکەرە کۆمەڵێ خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە کە چۆن یاری بەوشە و تۆپەکە دەکەن. بەڵام فیساغورس دەڵێت (الکون عدد و نغم) واتا گەردوون ژمارە و ئاوازە. ژمارە و ئاوازیش واتا ماتماتیك و مۆسیقا، واتا سیستمی ڕێکوپێكو پوخت، مرۆڤ لەژێر کاریگەری ئیقاعی دوو سیستمە، سیستمی گەردوون و سیستمی جەستەی خۆی، کە هەردوکیان ژمارە و ئاوازن،بەڵام ئایا بۆچی هەڵسوکەوت و بەرهەمی مرۆڤ نابێت بەسیستم؟ هەموو کتێبە پیرۆزەکان، هەموو هەوڵی پێغەمبەران، هەموو بۆچونی فەیلەسوف و زانایان ، هەوڵدانە بۆ بەسیستەماتیك کردنی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤ بۆ ئەوەی بەخۆشی و ڕێکوپێك بژی و روح و دەروونی ئاسودە

بێت.بەڵام ئایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دەکرێت بەسیستەم بڕوات بەڕێوە، ئەوە پرسیارێکی ئەزەلی مرۆڤە و تا ئێستا عەودالی وەلامێتی، یاخود ( النفس اللوامە ) هەر بەردەوام دەبێت؟؟. ئایە ماتریالیزمی دیالیکتیک هەوڵدان نییە بۆ دۆزینەوەی یاساکانی گەردوون؟! ئایە ماتریالیزمی مێژوویی هەوڵدان نییە بۆ پراکتیزەکردنی یاساکانی گەردوون بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤدا، بۆ ئەوەی ببێت بەسیستەماتیك وەکو گەردوون؟! ئەمانە هەوڵدانن، نازانم فکری مرۆڤ بەکوێیان دەگەیەنێت ! لەدوا رۆژدا وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە یان نا !؟ لەبەرئەوە بەرای من جارێ هەموو شتێك کۆمەڵێ بنەمای گشتیی هەیە و کۆمەڵی خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، شیعریش یەکێکە لەو شتانە، من باوەڕم بەفەوزا و بەرەڵایی نییە.چی لەبواری شیعر یان بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤدا.

**بەشێوەیەکی گشتیی رەخنەی کوردیی چۆن دەبینیت؟**

من ناڵێم رەخنەمان نییە، هەمانە. بەڵام رەخنەیەکی لاوازە و زیاتر بایەخ بەلایەنی ناوەرۆك دەدات، زۆرتر راڤەکردنی شیعرە لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی. رەخنە لای ئێمە زۆر کەم نەبێت بایەخ بەلایەنی تەکنیکی شیعر نادات. من لەگەڵ ئەوەدا نیم، دەقێك بنەماکانی شیعری تێدا نەبێت و ناوەڕۆکەکەی هەڵبسەنگێنرێت و بەشیعرێکی باش لەقەڵەم بدرێت و خەڵکی پێ چەواشە بکرێت.

**لای ئێمە دوو تۆمەتی گەورە بۆ هەر نوسەر و شاعیرێک ئامادەن، ئەگەر بخوێنێتەوە پێی دەڵێن دزو ئەگەر نەشخوێنێتەوە پێی دەڵێن نەخوێندەوار، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

لەئەدەبدا گواستنەوەی راستەوخۆ و دەقا و دەق ئەوە دزییە و هەشبووە و هەشە. من رام وایە دابڕان لەئەدەب یان زانستی کۆمەڵایەتییدا بوونی نییە، چونکە پرۆسەیەکی بەردەوام و پێکەوە گرێدراون بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ، بەڵام لەزانستەکانی سروشتدا دابڕان هەیە، بۆ نمونە کاتێك (گالیلۆ) وتی: خۆر بەدەوری زەویدا ناسوڕێتەوە، بەڵکو زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەمە دابڕانێکی تەواو بوو لەگەڵ مەعریفەی پێش خۆیدا. بەڵام ئەمە لەشیعر و لەئەدەبدا روو نادات، چونکە لەماندا هاوکێشەیەك نییە هەمومان لەسەری رێککەوتبین و کەسێك بێت هەڵیبوەشێنێتەوە.لە بواری رۆشنبیریدا، لێکچوون و لێکوەرگرتن و کارتێکرن ئاسابییە، ئەمەیان ناچێتە خانەی دزییەوە، لای ئێمە ئەم دوو حاڵەتە تێکەڵ دەکرێن. زۆر ئاسابیە شاعیرێك کاریگەری شاعیرێکی تری لەسەر بێت، بەڵام دەبێت لەرێگای ئەو کاریگەرییەوە شتێکی تازە بەرهەم بهێنێت. بۆ نمونە رۆمان لای ئێمە کارێکی تازەیە و ئێمە لاسایی ئەوروپامان کردۆتەوە کە رۆمانمان نوسیوە، کەچی رۆمانەکانی ئێمە لەگەڵ رۆمانەکانی ئەواندا جیاوازن. ئەمە دزی نییە بەڵکو وەرگرتن و کارتێکردنە و زۆر ئاساییە.

**ئەی لەبارەی شیعری ئێستای کوردییەوە چی دەڵێیت؟**

ناتوانم بڵێم شیعرمان نییە، بەڵام فەوزاکە زیاترە. هەندێك دەنگو شیعری تاك و تەرامان هەیە،بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی حەفتاکان، کەم و لاوازن. ئەوەی من موتابعەی دەکەم رۆژانە و هەفتانە و مانگانە، لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبنەوە زیاتر قسەکردن و هات و هاوار و پاڕانەوەن نەك شیعر وتن. زۆربەیان زیاتر لەوەی شیعریەتیان تیادا بێت راپۆرت ئامێزن. ئەمرۆ بازاڕی شیعری ئێمە وەك بازاڕی شت و مەکی بازرگانی لێهاتووە، بازاڕمان پڕە لەمەواد و خواردنی بێکەڵك و ئیکسپایەر، هەمووی لەدەرەوە دەهێنرێت. بەداخەوە بازاڕی شیعر و ئەدەبی ئێمەش وای لێهاتووە، کە زۆربەیان بێکەڵك و ئیکسپایەرن و لەدەرەوە دەهێنرێن و هیچ مۆرکی کوردەواریان بەبەرا ناکرێت.

**تۆ وەکو ئەندازیارێک، ئایا پەیوەندی لەنێوان ئەندازە و ئەدەبدا چۆن دەبینیت ؟ ئاخۆ سەرقاڵیت بەکاری ئەندازەوە هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کەم بنوسیت.!**

دەتوانین بڵێین، پەیوەندییەك لەنێوان ئەندازە و ئەدەبدا هەیە، چونکە ئەندازەش وەکو مۆسیقا هەم زانستە و هەم هونەرە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە تەنها وەکو زانست بەکاردەهێنرێت، زۆر برادەری نوسەر بەمن دەڵێن تۆ لەبواری ئەدەبیشدا وەکو ئەندازە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەی، زۆر ئەندازیاریش پێمدەڵێن، تۆ وەك ئەدیب و هونەرمەند مامەڵە

لەگەڵ کەرەسەی بیناسازی و ئەندازەدا دەکەی. من بڕوام وایە ئەمە دەکرێت،چونکە ئەندازە سیستمی هەیە و پەیوەندی نێوان شتەکان ڕێکدەخات، دەقیش محدداتی هەیە و پەیوەندی نێوان وشە و وێنەکان ڕێکدەخات.

من هەمیشە شار، یان پرۆژەی ئەندازەیی وەکو دەقێك تەماشا دەکەم، پێموایە چۆن دەبێت لەشاردا هەموو شتەکان پێکەوە کار بکەن، دەبێت لەدەقیشدا هەموو پایەکان پێکەوە لەکاردا بن.جا کاریگەری، بەڵێ پیشەکەم کاریگەری لەسەر ئەوە هەبووە کە من کەم بنوسم، چوونیشم بۆ کۆلێژی ئەندازە بەحەزی خۆم نەبوو، ئەو بابەتە حیکایەتێکی دووروردرێژەو لێرەدا جێی باسکردن نییە. لەماوەی زانکۆ و دوای چەند ساڵێك لەتەخروجکردنم ئەو درکە هونەریەم بۆ زانستی ئەندازە نەبوو، تەنها وەکو زانست و کۆمەڵێك هاوکێشە مامەڵەم لەگەڵ دەکرد، بەڵام پاش خوێندنەوەو ئیش کردنێکی زۆر زانیم ئەندازەش لایەنێکی گەورەی هونەرە، بەتایبەتی لەبواری میعمار و پلانسازی شار و ڕێکخستنی شار و دروستکردنی شۆستە و شەقام و خانوو و باڵەخانە و باخچە و فولکە و ڕێگا و پرد و..هتد. من بەهۆی سەرقاڵیم بەئیش و کاری ئەندازەیی و بژێوی ژیانی خۆم و منداڵم و کەس و کارمەوە، کەمتر ئەپەرژێمە سەر نوسین. شیعر نوسینیش تەفەروغی دەوێت،مێشکی هێمن و ئارامی دەوێت، جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، لەتیف هەڵمەت وتەنی: ((دەبێت بچیتە ناو ئەشکەوتی شیعرەوە))، بەڵام من زۆرتر لەناو ئەشکەوتی ئەندازە و ژیاندام. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لەخوێندنەوە و موتابعە و کڕینی ڕۆژنامە و کتێب دانەبڕاوم.کەم و زۆر سەردانی پیشانگای شێوەکاری و ڤیستیڤاڵ وکۆڕو کۆبونەوەی هونەری و ئەدەبی دەکەم.هەروەها خۆت دەزانی لەبواری ئەندازەشەدا وتار و نوسینم هەیە.

**پەیوەندی منداڵێتیی بەشیعرەوە چۆن دەبینیت؟**

من سەرسامم بەرستەیەکی بۆدلیری شاعیری فەرەنسی کە دەڵێت: ((العبقرية هي استعادة الطفولة قصداً)) واتا بلیمەتی گەڕانەوەیەکی بەمەبەستە بۆ منداڵێتی. چونکە مرۆڤ لەمنداڵیدا زۆر بێگەرد و پاك و مێشکی سافە، هەمیشە حەز لەبینین و داهێنانی شتی جوان دەکات، بەڵام کاتێك کە گەورە دەبێت تووشی کۆمەڵێك ململانێ و ناکۆکی دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگا و سروشتدا، کە ئەمانە دەبنە هۆی بارقورسیی بەسەر مێشك و دڵ و دەرونی مرۆڤەوە و لەداهێنانی دوور دەخەنەوە، بەتایبەت لەم شار و وڵاتە بێسەروبەرەی ئێمەدا، کە ملکەچی هیچ سیستەمێك نییە، لەهیچ بوارێکی ژیانداو زەمانەتی هیچ شتێکیش نییە. لەبەر ئەوە مرۆڤی شاعیر یان داهێنەر پێویستی بەوەیە بەمەبەست بگەڕێتەوە بۆ منداڵێتیو سەردەمی پاکێتی تاکو بتوانێت داهێنان بکات. ئەمەش بەهەموو کەس ناکرێت، تەئکید لەسەر ئیرادەی بەهێز ئەکەمەوە، چونکە ئەو گەڕانەوەیە ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێ، بۆیە شاعیر و داهێنەری ڕاستەقینەمان کەمە.

**تۆ خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە و چاکیت، ئایە ژمارەی کتێبەکانت نزیکەی چەند دەبێت؟**

من لەڕاستیدا کتێبەکانم نەژماردووە، بەڵام هەزاران کتێبم لەبوارەکانی ئەدەب، مێژوو، فکر، فەلسەفە، زمان، ئەندازە وشارسازی، شێوەکاری، شانۆ، سینەما، مۆسیقاو هەندێکیش کتێبی سیاسی، هەیە. کتێبەکانم زۆربەی هەر زۆریان بەعەرەبی و کوردین و هەندێکیش بەئینگلیزی و چەند دانەیەکش بەفارسی.من لەساڵی (١٩٦٩)وە تائێستا بەبەردەوامی کتێب دەکڕم. لەساڵی (١٩٧٤)دا بەشێك لەکتێبەکانم فەوتان، لەساڵی (١٩٨٢) لەکەرکوك لەترسی پیاوانی ڕژێم کە چاودێریان خستبووە سەر ماڵمان بەشێك لەکتێبەکانم فەوتاند، شەش فەردە کتێبم لەدێکەی خۆماندا دانابوو کە لەساڵی (١٩٨٥) لەئەنجامی ڕوخانی دێیکەماندا فەوتان، لەمەنعتەجەولەکەی ساڵی (١٩٨٥)دا لەسلێمانیش کۆمەڵێ کتێبی خۆمم فەوتاند، لەڕووداوەکانی ساڵی (١٩٩٦) یشدا، کتێبخانەکەم بەتەواوی فەوتا، بەڵام دواتر توانیم بەشێکی زۆریان کە لەماڵێکدا پارێزراو بوون بکڕمەوە. ئەوانەشی کە مەبەستم بوو پەیدای بکەمەوە لەڕێگای برادەرانمەوە لەوڵاتانی تر بۆیان هێنام و زۆر کتێبی تازەی تریش و ئێستاش برادەرەکانم لەدەرەوە بۆم دەهێنن، من زۆر بەدەگمەن نەبێت کتێب لەکەس وەرناگرم بۆ خوێندنەوە، کتێبیش بەچەند برادەرێکی تایبەت نەبێت کە لەپەنجەی یەك دەست تێناپەڕن، بەکەس نادەم بۆ خوێندنەوە. ئەگەر کتێبێك دەربچێت و لێرەش دەست نەکەوێت و مەبەستم بێت، لەبنی دنیاش بێت پەیدای دەکەم، کتێبم زۆر خۆش

دەوێت و بەو جیهانەی دەزانم کە لەواقیعدا نەمتوانیوە بیدۆزمەوە، بچمە هەر شارێکیش یەکەم جار دەچمە کتێبخانەکانی. لەسلێمانی–ش دوا نیوەڕوانی ڕۆژی هەینی ناچم بۆ بازاڕ چونکە زۆربەی کتێبخانەکانی داخراون، وا دەزانم بازاڕەکە چۆڵە.

**من دەزانم تۆ ئەندامی کۆمەڵە بوویت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا ناسراوی کە ئەندامی گروپی وجودیەکانیش بووی، ئەم دوو حاڵەتەت چۆن پێکەوە کۆکردبۆوە؟**

ڕاستە، بەڵام گروپی وجودیەکان ئەندام و مەندامیان نەبوو، چونکە حیزب نەبوون.

**باشە دەتوانیت هەندێک باسی گروپی وجودیەکانمان بۆ بکەیت، کێ بوون، چۆن بوون، دەیانویست چی بکەن؟**

ڕاستێکەی من ئەو برادەرانەم ساڵی (١٩٧٦) ناسی، پێشتر چۆن دروستبوون؟ من نایزانم، ئەوە (د. محەمەد کەمال) لەپێشەکی کتێبەکەیدا (فەلسەفەی سارتەرو خوێندنەوەیەکی نوێ) باشتر باسی دەکات و ناوی زۆربەی گروپەکەی تیایە.گروپی وجودیەکان کۆمەڵێ برادەری ڕۆشنبیر بوون زیاتر بایەخیان بەبابەتی فەلسەفی و فیکری و ئەدەب و هونەر دەدا، تێڕوانینیان جیاواز بوو لەگەڵ ڕەوتی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەدا، بۆ نمونە ئەندامانی کۆمەڵە و گروپ و حیزبە چەپەکانی تر بایەخیان بەبواری (خەباتی سیاسی، خەباتی چینایەتی و جەماوەری، خەباتی چەکداریو..هتد) دەدا، بەڵام وجودیەکان زیاتر بایەخیان بەخودی مرۆڤ، لایەنی ڕوحی مرۆڤ، دەوری تاک لەمێژوو و لەناو کۆمەڵدا، دەدا. بەڵام وانەبێ مەسەلەی کوردایەتی و نەتەوایەتیان پشتگوێ خستبێ، بەڵکو ئێستاش و ئیسپاتیش بوو کە هەموو خەڵکی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەرن، هەر کەسە بەپێی توانای خۆی دەوری بینیوەو دەبینێ لەخزمەتی گەل و وڵاتدا. بەتەنها من نەبووم کە ئەندامی کۆمەڵە بووم و لەگەڵ گروپی وجودیەکانیشدا بووم، دوای چەند ساڵێك بۆم دەرکەوت چەند کەسێکی ترمان ئەندامی کۆمەڵە بوون. ساڵی (١٩٧٩) دوان لەو گروپە ڕۆیشتن بۆ (پاکستان) بۆ خوێندن، دوای تەشەنەسەندنی شەڕی (عیراق –ئێران) گروپەکە هەریەکەی بەلایەکدا ڕۆیشت، هەندێکیان پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد و هەندێکیان ڕوویان کردە هەندەران و تەنها (من و حەسەن حەمزە و سەروەت سەوزی ڕەحمەتی) ماینەوە. دوای ڕاپەڕین بەشێکیان لەهەندەران مانەوە و بەشێکیان هاتنەوەو ئێستاش پەیوەندی و برادەریمان زۆر توندو تۆڵە، چ ئەوانەی لێرەن و چ ئەوانەی هەندەرانیش. ئەو ساڵانەی حەفتاکان زیاتر لەچایخانەکان و ماڵان و بەتایبەت چایخانەکەی کاك (مەجید) کە بەرامبەر بەنزینخانەی عەقاری بوو گفتوگۆی بابەتی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی مان دەکرد. نە ئەوساش و نە ئێستاش گروپی وجودیەکان ڕێکخستنێکی حیزبی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێ برادەر بووین خەمی هاوبەشی ڕۆشنبیریمان هەبوو، لەژێر کارتێکردنی ئەواندا من کۆمەڵێ کتێبی (کۆلن ولسن و سارتەر و کامو) و ڕۆمانی( زۆربای) ی (کازانتازاکی) و چەند کتێبێکی فیکری و فەلسەفی ترم خوێندەوە.

**چۆنە تا ئێستا ئەم زانیاری و بیروبۆچوونانەت لەکتێبێکدا تۆمارو چاپ نەکردووە؟**

ڕاستی من دەمێ ساڵە خەریکی نوسینی چەند دیراسەیەکم، بەڵام هەمووی بچڕ بچڕ و پەرش و بڵاوە و تا ئێستاش کاتێکی وام نەبووە کە بتوانم هەموویان ڕێکبخەمەوە و بیکەم بەکتێبێك. وەك وتیشم من کەم نوسم و هیوادارم لەئایندەدا بتوانم تەواویان بکەم و بەشێوەی کتێب بڵاویان بکەمەوە.

* لە ژمارە (٢٦)ی گۆڤاری ( هەنار ) بڵاوبوەتەوە .